# تیرۆژەچیرۆك

سیروان کاروانی

1

## کرێگرتە

لەوەتای دارەداری کردووە, بەحەرامی خواردوویە و کردوویە و گوتوویە... ئێستا کە کەس ئیشی پێی نییە, دونیایەکی تری پێ دروست ناکرێ لێی بژی.

2

## بێڕێز

چاوی بە کەس هەڵنەدەهات.. هەرکەسێك لێی نزیك دەبۆوە, گورج ڕووی خۆی وەردەگێڕا, هەرکەسێك سەری بۆ دادەنەواند, بە شێتی تێدەگەیشت.. کە ئەو قۆناغە تێپەڕی, گەردەلوول لەگەڵ خۆی پێچایەوە و لە کونەموغارەیەکی قایم کرد.. هەتا ئێستاش چاوەڕێیە ڕێبوارێك بەوێدا تێپەڕێ, بەڵکو ڕێزی لێ بنێ, کەس نییە, دار و بەرد و کونەموغارەش لێی تێ ناگەن.

3

## بەزەیی

تەنانەت بە نیگاریش خواجەڵۆکی ببینیبایە, خەمی بۆیان دەخوارد و ئەشکی دەڕشت... کەچی کاتێك ڕەشەبای قەدەر پێچایەوە و بەلەششکاوی خستییە بیرێکی کوێرەوەبووەوە, کەسێکیان ئامادە نەبوون, دەستێکی بۆ درێژ بکەن.

4

## سپڵە

ئەگەر گەدە لەبرسان , لەبەر دەرگای هەر ماڵێك تەنگی پیێ هەڵچنییایە , خۆی بە برا و کەسوکار دەزانی , لای دەدا و ورگەکەی بێدەنگ دەکرد.. پاشان دەکەوتە باسکردنی کیژۆڵە و بەژنوباڵای خانەخوێکەی. کە پیر بوو ڕێچکەکانی پیێ نەدەزانییەوە , ناچار کەوتە لێدانی مێشکی خۆی.

5

## زمان

لاویەتی تێپەڕاند و ئێستا پیرە ... ڕۆژێك لە ڕۆژان بە باشی نەگەڕا ... وەك پەڕەکانی جەنجەڕ, هەر بەختی خەڵکی کووتا , بۆیە ئێستاش وا لە هەوڵی تیژترکردنی پەڕەکانی دایە.

6

## موحاسەبە

لەسەر پاراستنی شەرەفی گەلێك , خۆی بەخت کرد. نەیارەکانی , هەزاران ناو و ناتۆرەیان پێوە نا. وەختێك دوژمنەکانی ویستیان پەلکێشی مەحکەمەی بکەن , پۆلێکی گەلەکەی خۆی , بە ڕێگاوە موحاسەبەیان کرد.

7

## تەماح

هێندە چاوچنۆك بوو, هەمیشە برسیی بوو, ژەمێك تێری نەخوارد و کەسێکی بەخۆی نەهێشت... ئێستا کە تەنها ماوەتەوە , گەدەی دوازدە کونی تێکەوتووە , هەرچەند هەوا دەمژێت تێر نابێت.

8

## براکوژی

سەدان ساڵ پێوەی خەریك بوو... هیچی بەهیچ نەکرد , هەر ڕۆژی دۆستێکی لێ دەبوو بە دوژمن , لەهەرشوێنێکی کۆتانەکەیدا تفێك هەڵدرابایە , بە چاڵی چاوی دەکەوت , بۆیە بڕیاری دا لە هەڵدێری هەزاربەهەزاردا سەرمەقولاتەیەك بکا.

9

## تراویلکە

دەیگوت: دەمانێکی ترە , خەڵکی هەموو بەشەکان گۆڕاون , ڕەنگدانەوەی منیشیان تێدایە. هەرگیز بڕوا ناکەم , لێم بقەومێت , پشتم تێ بکەن. گوێم لێ بووە گوتوویانە: تراویلکەی نێوان خۆر و ئەرزی ولآتەکەمانە. کە لێی قەوما , خەڵکەکەی خۆی , لە هەموو کەس زیاتریان پێ کرد.